چاوپێکەوتن

# پۆل بریمەر:
# کێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعیراق
# لەساڵی ٢٠١١ هەڵە بوو

هودا حوسەینی، رۆژنامەنوس لەرۆژنامەی "ئەلشەرق ئەلئەوسەت"ی لەندەنی چاوپێکەوتنێکی گرنگی لەگەڵ پۆل بریمەر، فەرمانڕەوای عیراق بۆ ماوەی یەك ساڵ پاش روخانی رژێمی بەعس، بڵاو کردەوەو تێیدا چەند پرسیارێکی دەربارەی سەردەمی فەرمانڕەواییەکەی‌و قەیرانی داعش‌و ئایندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێ کردووە. ئەمەش بەشێکی چاوپێکەوتنەکەیە:

*ئەگەر تۆ راوێژکاری داعش بوتیایە، ئامۆژگاریی چیت دەکردن؟

-ئامۆژگاریی ئەوەم دەکردن کەجەنگیان لەدژی ئەمریکا درێژە پێ بدەن چونکە بڕوام وایە کە کەس نازانێ حکومەتی ئەمریکا هەتا کەی لەم جەنگە دەمێنێتەوەو هەتا کەی هەوڵی بردنەوەی دەدا.

*بۆ ئەمە، چی پێویستە لەسەر داعش بیکا؟

-دوو مەسەلەی رون هەیە. یەکێکیان ئەوەیە کە لەنێو خەڵکی شارەکاندا بڵاو ببنەوە چونکە لەوێ بەزەحمەت شەڕیان لەگەڵ دەکرێ. دووەمیشیان ئەوەیە کەبەرەو سوریا بکشێنەوە چونکە سەرۆکی ئەمریکا باراك ئۆباما وەك دەردەکەوێ بڕیاریداوە هێرشە ئاسمانییەکان لەسوریا سنوردار بن.

*بەڵام خودی سەرۆك بەڵێنی داوە وەڵامی سەرۆکی سوریا بەشار ئەسەد بداتەوە ئەگەر سوپاکەی تەقەی لەفڕۆکە ئەمریکییەکان کرد. ئایا ئەمە مانای گورزی سنوردار دەدا یاخود نەخشەکە بۆردومان کردنی سوریاش دەگرێتەوە؟

-لەو بڕوایە دام ئۆباما دەیەوێ گورزی ئاسمانی لەناو سوریا ئەنجام بدا. ئەمە شتێکی رونە. بەتێڕوانینی من، ئەگەر سورییەکان هێرش بکەنە سەر فڕۆکەکانی ئەمریکا لەناوخۆی سوریا، فڕۆکەکان وەڵام دەدەنەوە. بۆچونی من بەشێوەیەکی گشتی بەجۆرەیە کەئەو رەوشەی کەئەمڕۆ ئێمە لەعیراق‌و سوریا روبەڕوی بوینەتەوە، وەك دەقی کتێبێکە دەربارەی یەکێ لەپەندە بنەڕەتییەکانی سیاسەتی دەرەوە، ئەویش ئەوەیە کەدواکەوتن لەدەرکردنی بڕیارێکی سەخت، زۆر جار رەوشێکی دژوارتری لێ دەکەوێتەوە. دەبوایە پێش سێ ساڵ هێزی ئاسمانیی سوریامان وێران بکردایە، کاتێك حکومەتی ئەمریکا بانگەشەی بۆ روخاندنی ئەسەد کرد. ئەگەر ئەمەمان بکردایە، هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن کەدژی ئەسەدن دەیانتوانی هەندێ سەرکەوتن وەدەست بێنن. بەڵام ئێمە ئەمەمان نەکرد. بۆیە رەوشەکە خراپتر بوو. ئەمەش شتێکی چاوەڕوانکراو بوو. ئەمڕۆ بە بەراورد لەگەڵ سێ ساڵ لەمەوبەر، ئێمە لەڕەوشێکی زۆر دژوار داین.

*لەعیراق‌و سوریا یاخود تەنها لەسوریا؟

-لەهەردوکیان سەبارەت بەعیراق، من لەو بڕوایە دام کەسەرۆك ئۆباما هەڵەی کردوە کاتێك لەکۆتایی ساڵی ٢٠١١ هێزەکانی ئەمریکای لەعیراق کێشاوەتەوە چونکە ئەمە دەستی سەرەك وەزیرانی پێشو نوری مالکیی ئاوەڵا کرد بۆ جێبەجێ کردنی فەلسەفەیەکی سیاسیی تایفەگەری‌و مەترسیدارترینیان "پاککردنەوە"ی سوپای عیراق بوو لەو ئەفسەرانەی کەئێمە مەشقمان پێ کردبون. ئەمەش ئەو هۆیە رون دەکاتەوە کەبۆچی سوپای عیراق لەموسل هەرەسی هێنا. مالکی باوەڕی بەئەفسەرەکان نەبوو.

*ئایا تەنها مالکی باوەڕی بەئەفسەرەکان نەبوو یاخود ئێرانیش باوەڕی پێ نەبوو؟

-زەحمەتە بڵێم تا چ رادەیەك ئێرا لەبارەی سوپاوە کاریگەریی لەسەر بڕیارەکەی مالکی هەبوە. من نایزانم. بەڵام پرسیارەکەی خۆی لەخۆیدا گرنگە چونکە ئێران فاکتەرە گەورە نالەبەرچاوەکەی تەواوی رەوشەکەیە. ئێران ئەو لایەنەیە کە لەئەمریکا پرسیارە ستراتیجییە گەروەکان دەوروژێنێ: ئایا ئەو ئەنجامە کۆتاییە چیە کەتایبەتە بەئێران لەناوچەکەداو ئێمە دەمانەوێ بەچاوی خۆمان بیبینین؟ ئایا ئەمریکا چ رۆڵێکی لەناوچەکەدا بۆ ئێران دەوێ؟ ئەمە پرسیارێکی ستراتیجییە.

*تۆ ناتوانیت وەڵامی ئەم پرسیارە بدەیتەوە؟

-وەڵامەکەی من زۆر کەموکوڕیی تێدا دەبێ. لەبەرژەوەندیی ئەمریکاو بەرژەوەندیی زۆربەی دەوڵەتانی ناوچەکە نیە ئێران توانای ئەتۆمی بەدەست بێنێ، چونکە هەموو تەرازوی هێز لەناوچەکە دەگۆڕێت. ئەمە بۆتە مایەی نیگەرانییەکی رەوا لەلای هێزەکانی تری ناوچەکە. مەسەلەی ئەوەی کەئێران ببێ بەخاوەنی بەرهەم هێنانی چەکی ئەتۆمی، گۆڕانێکی ریشەیی لەناوچەکە دێنێتە دیو بناغەی سیستمی بڵاو نەبونەوەی چەکی ئەتۆم لەجیهان دەلەقێنێ. ئەمە گرفتێکی گەورەیە. ئێرانێکی نائەتۆمیو ئێرانێکی دور لەبانگەشەکردن بۆ شۆڕش لەناوچەکەدا، دەتوانێ رۆڵێکی گرنگ لەناوچەکە بگێڕێت. ئەمە پێویستی بەوەیە کەئێران گۆڕانێکی راستەقینە بەسەر بیرکردنەوەو رۆڵی لەناوچەکەدا بێنێ. بەڵام من هیچ ئاماژەیەك لەم بارەیەوە نابینم.

*هەندێ دەڵێن ئێران دژی ئەوە نیە ئەمریکا داعش راو بنێو پێچەوانەکەشی راستە. ئایا تۆ لەو بڕوایە دای کەهاوکارییەکی نهێنی لەنێوان ئەمریکاو ئێراندا هەیە؟

-نەخێر. پێم وا نیە هاوکاری هەبێ بەڵام هەردوکیان هاوبەرژەوەندن. لەبەرژەوەندیی هەردوکیاندایە شکست بەداعش بهێنرێ. لەو بڕوایەدا نیم

هەماهەنگییەکی فەرمی لەنێوان هەردولادا هەبێ. حکومەتی ئەمریکاش ئەمەی بەدور زانیوە. من بڕوام وایە کە لەڕوی سیاسییەوەو لەپێناوی سیاسەتی دەرەوەدا ئەمە بڕیارێکی دروستە. ئەمڕۆ هیچ گومانم لەوەدا نیە کەهەردولا هاوبەرژەوەندن بەڵام هەماهەنگی لەنێوانیاندا نیە.

*بەڵام سەدان ئەفسەری سوپای پاسداران لەگەڵ میلیشیا شیعییەکان دانو رۆڵی فەرماندەو راوێژکار دەگێڕن بەبێ ئەوەی ئەمریکا دژی ئەم کارە بێ؟

-نازانم ئایا ئەمریکا دژی ئەم مەسەلەیە نیە یاخود خۆمان هیچمان پێ ناکرێ. گومانی تێدا نیە کەئێرانییەکان لەماوەی سێ چوارساڵی رابردودا، لەماوەی دووەمی فەرمانڕەوایی مالکیدا، پێگەی خۆیان لەعیراق بەهێز کردووە. ئەمە شتێکی هیچ گومانێکی تێدا نیە. کاتێك هێزەکانمان کێشایەوە، هیچ دەسەڵاتێکمان لەعیراق نەما. بەڵام جیاوازیی لەنێوان ئەوە هەیە کەئێرانییەکان ئەو کارانە دەکەن کەدیانەوێ چونکە دەتوانن بیکەنو لەنێوان ئەوەی کەئەو کارانە دەکەن چونکە ئێمە پێمان وایە کارەکان باشن. لەو بڕوایەدا نیم بەشی دووەم هۆی مەسەلەکە بێ. من وای بۆ دەچم کەئێرانییەکان سودمەند بون لەوەی کەئێمە ئاماژەمان بەوە داوە کەناوچەکە، نەك هەر عیراقو ئەفغانستان، بەجێ دێڵین.

*تۆ رات وایە کەئەگەر پێش دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گیروگرفتی داعش ئەفغانستان بەجێ بێڵن، ناوچەکە دوچاری گیروگرتێکی تیرۆریستانەی گەورەتر دەبێتەوە؟

-بەڵێ. پێم وایە مادام ئێمە کاتێکی زۆرمان بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی داعش دەوێ- بەو جۆرەی کەباسمان کردووە- ئەمە ماوەی چەند ساڵێك نەك چەند مانگێك دەخایەنێ. هەروەها مادام حکومەتی ئەمریکا بەردەوامەلەسەر کێشانەوەی هێزەکانمان لەئەفغانستان، من وای بۆ دەچم کەمەترسییە راستەقینەکە لەوە دایە کەتالیبانی ئەفغانستان زیندوو ببێتەوە. رەوشی ئەفغانستان لەماوەی دوو ساڵی داهاتوی شەڕەکەمان لەدژی داعش خراپتر دەبێ.

تەنانەت ئەگەر سەرکەوتنیش بەسەر داعشدا بێنین، من دڵنیام رەوشی ئەفغانستان هەر خراپتر دەبێ.

*با بگەڕێینەوە سەر داعشو ئێران. تۆ مالکیت بەهۆی لاوازبونی سوپای عیراق داناوە. بەڵام هەندێ دەڵێن پەیدابونی داعشیش هۆکەی بۆ مالکیو دەستوەردانی ئێران لەعیراقو سوریا دەگەڕێتەوە. ئێستا رات چیە لەم بارەیەوە، بەتایبەتی کەزۆر کەس دەترسن ئێران تاکە لایەنی سودمەند بێ لەتێکشکاندنی داعش؟

-ئەمە یەکێ لەو هۆیانەیە کە وا لەئەمریکا دەکا هەندێ دەوڵەتی ناوچەکە وەك سعودیەو ئوردونو ئیماراتو میسرو هەروەها تورکیا بەشداری پێ بکاو هاوپەیمانییەکی فراوان دروست بکات چونکە هەموو ئەم دەوڵەتانە هەمان نیگەرانییان هەیە. نە لەبەرژەوەندیی ئەو دەوڵەتانەیەو نە لەبەرژەوەندیی ئەمریکایە کە ئێران دەست بەسەر ناوچەی نێوان عیراقو دەریای ناوەڕاستدا بگرێ. دیارە ٢٠ ساڵە سوریاو حزبوڵلای لوبنان کەئەمڕۆ لەسوریا دەجەنگێ، تاکە دۆستی ئێران بون لەناوچەکەدا. بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا زۆر نزیکن لەبەرژەوەندکانی دەوڵەتانی ناوچەکە، بەتایبەتی سەبارەت بەرێگرتن لەئێران لەبون بەهێزێکی خاوەن هەژمون. هەر ئەمەشە هۆی کێشەی ئێرانی ئەتۆمی چونکە تەنانەت ئەگەر لەنێو سنوری خۆیشی کۆتو بەندی لەسەر دابنرێ، ئەوا ئەگەر توانی چەکی ئەتۆمی بەدەست بێنێ، ئەوا ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەکی خراپ هەموو تەزازوی هێز لەناوچەکەدا دەگۆڕێت.

*هەندێ پێیان وایە هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەکە هەر ئەوەی لەبەردەم دایە کەبۆ تێکشکاندنی داعش هاوکاریی رژێمی بەشار ئەسەد بکاتو دەڵێن دەزگاکانی هەواڵگری بەکردەوە دەستیان بەو هاوکارییە کردووە. ئایا تۆ ئەمە بەڕاست دەزانیت یاخود ئایا دەکرێ ئەم هاوکارییە دەستی بۆ نەبرێ؟

-بۆچونی ئەمریکا ئەوەیە کەهیچ هاوکاریو هەماهەنگی لەگەڵ رژێمی ئەسەددا ناکات. ئێمە ئەوەمان رون کردۆتەوە. حکومەتیش ئەمەی رون کردۆتەوەو وتویەتی ئەگەر دژە ئاسمانیی سوریا تەقە لەفڕۆکەکانمان بکات،

بەرپەرچی دەدرێتەوە ئەویش تێك دەشكێنرێ. لەبەر ئەوە لانی کەم لەلایەن ئەمریکاوە هیچ هەماهەنگییەك نایەتە دی.

*ئەگەر داعشمان لەکۆڵ بۆوە، کێ لەگروپی عەسائبی ئەهلی هەق کەمیلیشیایەکی عیراقیی سەر بەئێرانە، رزگارمان دەکات؟

-من لەو میلیشیایە نیگەرانم کەئێران پشتگیریی دەکات. چارەسەر، کە بەدڵنیاییەوە چارەسەرێکی ئاسان نابێ، بنیاتنانەوەی یەکە نیزامییەکانی سوپای عیراقە. من لەوە ئاسودە نیم کەسەرەك وەزیرانی عیراق حەیدەر عەبادیو حکومەتەکەی کەوتونەتە باس کردنی مەسەلەی پێکهێنانی گاردی نیشتمانی. ئەمە تەنها لەو کاتەدا شتێکی پەسند دەبێ ئەگەر ئامانجەکەی بەگەڕخستنی خێڵە سوننییەکانی ئەنبارو سەلاحەدینو نەینەوا بێ لەشەڕی دژ بەداعش. بەڵام لەکۆتاییدا حکومەت دەبێ بەکارهێنانی هێزی چەکدار قۆرخ بکات. ئەمەش مەسەلەیەکە ئەوکاتەی کەمن لەعیراق بوم پێشنیارم کردبوو. نابێ میلیشیا هەبێو نابێ کەسانێك هەبن مل بۆ حکومەتو سەرۆكو سەرەك وەزیران کەچ نەکەن.

لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا، بەپێویستی دەزانم ئەمریکا یارمەتیی سەرەك وەزیرانی تازەی عیراق بدات سوپای عیراق بنیات بنێتەوە. ئەمریکییەکان ئەوەیان لەیاد نەماوە کەسوپای عیراق کە ئەمریکا چەکدارو مەشقی پێ کردووە، لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ قاعیدەی تێك شکاندووە.

*بەیارمەتیی خێڵەکان؟

-بەدڵنیاییەوە. لەکاتی سەحوەکاندا. ئێستاش هەندێ ئاماژە سەبارەت بەوە هەیە کەهەندێ بەشەکانی سوپا کەخەریکن بنیات دەنرێنەوە، لەگەڵ چەند خێڵێکی گەورەی سوننەکاندا بەتایبەتی لەدەوروبەری حەدیسە، پێکەوە کار دەکەن. ئەمە ئەو مۆدێلەی سەحوەیە کە لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٧- ٢٠٠٩ سەرکەوتوو بوو. بەڵام دیارە ئەمە کاتی دەوێ. ئەمە لەسەر مەودای دور تاکە رێوشوێنە بۆ ئەوەی سوپای عیراقو هێزە چەکدارەکان لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتدا بنو بەجۆرە میلیشیا نامێنێو خێڵەکانیش دەبنە بەشێکی هێزە چەکدارەکان.

مالکی پرۆسەی بردنی شەڕڤانانی خێڵەکانی بۆ ناو سوپا راگرتبوو و پەیڕەویی لەنەخشە دانراوەکە نەکردبوو.

*دەمەوێ ئەم پرسیارە بکەم: ئەو کاتەی تۆ لەعیراقدا بوی، چی هانی دای سوپای عیراق هەڵبوەشێنیتەوە؟

-لەم روەوە بەدحاڵی بونێکی زۆر هەیە. یەکەم، لەبنەڕەتدا هیچ سوپایەك نەبوو تا هەڵبوەشێنرێتەوە. تەنانەت پێش ئەوەی من بگەمە عیراق، تاکەکان هەمویان چوو بون بۆ ماڵی خۆیان. جەنرال جۆن ئەبوزێد لەسەرەتای نیسانی ٢٠٠٣ بەسەرۆك جۆرج دەبەلیو بوشی راگەیاندبوو کەعیراق هیچ یەکەی سوپای نەماوە لەهیچ شوێنێکی وڵات بەرگری بکات. تەنانەت پێش ئەوەی من بچم، ئەو پرسیارەی روبەڕومان بۆوە ئەوە بوو کەئایا پێویستە سوپایەکی تازە بۆ عیراق دروست بکەین یاخود سوپای عیراق بانگهێشت بکەینەوە؟ نەك هەر من دژی بیرۆکەی بانگهێشت کردنی سوپای عیراق بوم، بەڵکو سەرۆك بۆشیش دژی ئەمە بوو، چونکە کوردەکان دژی ئەمە بونو ئەگەر سوپای عیراق بانگهێشت بکرایەتەوە ئەوان سەربەخۆییان رادەگەیاند. سەرکردەکانی کورد پێیان وتم "ئەوەت بیر نەچێ کەسوپای سەددام دەیان ساڵە جینۆساید لەدژی گەلی کورد ئەنجام دەداو یەکێکیان لەساڵی ١٩٨٨ چەکی کیمیایی تێدا بەکار هاتووە". هەروەها سەرکردە شیعەکان کە من قسەم لەگەڵ دەکردن، وتیان "ئەگەر بانگهێشتی سوپای سەددام بکەیت، دامەزراوەی سەددام بەبێ سەددام دێتە ئاراوە" بڕیاری حکومەتی ئەمریکا کەمن پێشنیارو پشتگیریم کردو سەرۆك رەزامەندیی لەسەر نیشاندا ئەوە بوو کەسوپایەکی نوێ دروست بکەین. بڕیارەکە دروست بوو. ئەو سوپا تازەیە رێکخراوی قاعیدەی بەزاند بەڵام ئەمە کاتێکی زۆری خایاند.

*تۆ رات وایە کەدەبێ ئەمریکییەکان سوپای عیراق دروست بکەنەوە؟ ئایا تۆ لەوە دڵنیای کەعەبادی بەهەمان شێوەی مالکی هەڵسوکەوت ناکا؟

-ئەو کاتەی من لەحکومەت بوم لەعیراق، حیدەری عەبادی وەزیری گەیاندن بوو. سەرنجم دابوو کەکەسێکی یەکلاکەرەوە، تەکنۆکراتو رۆشنبیرە، دەزانێ

بڕیار بداو جێبەجێشی بکات. راستە ئەو لەحزبی دەعوەیە بەڵام لەوەتی بۆ پۆستی سەرەك وەزیران هەڵبژێردراوە، ئەوەی کەئەو وتویەتیو کردویەتی، نیشانی داوە کەئەو هەوڵ دەدا کۆنتاکت لەگەڵ کوردو سوننەدا دروست بکا. بێگومان ئەمریکییەکان دەیانەوێ یارمەتیی بدەن تا بتوانێ سوپا دروست بکاتەوە. من لەو بڕوایە دام کەئەو لەسەر رێگایەکی راستەو دەبێ وەزیرێك بۆ ناوخۆو وەزیرێکی دیکە بۆ بەرگری دابنێت. هیوادارین بەردەوام بێ لەسەر ئەم سیاسەتە راستەو حکومەتەکەی فراوان بێ کەهەموو لایەنەکان بگرێتەوە. خۆیشی هەر هەوڵی ئەوە دەدا.

*سەرۆك ئۆباما ئەوە دوپات دەکاتەوە کەهێزی زەمینی بۆ عیراق نانێرێ بەڵام پسپۆرە سوپاییەکان دەڵێن گورزی ئاسمانی دەتوانێ رێ لەپەلهاوێشتنی داعش بگرێ بەڵام شارەکانی پێ رزگار ناکرێ. تۆ بڵێی ئەمریکا توشی سەر لێ شێواوی بووە؟ چۆن جەنرال مارتن دیمیسی دەتوانێ بەبێ کەرەستەی پێویست پلانە عەسکەرییەکانی خۆی وەدی بێنێت؟

-ناتوانێ ناچاریش دەبین هێزی شەڕکەر بۆ عیراق بنێرین. با رونتری بکەمەوە: داعش زۆر خاڵی لاوازی هەیە کەئەمەش شتێکی هیوابەخشە. یەکەم داعش لەڕوی سوپاییەوە دوو خاڵی لاوازی بنچینەیی هەیە: هێڵەکانی پشتیوانیی داعش زۆر دورو درێژنو هەمیشە لەژێر هەڕەشەی گورزی ئاسمانیدان، چونکە لەعیراقەوە تا سوریا درێژ بونەتەوە. خاڵی دووەمی لاوازی ئەوەیە کەداعش بنکەی لاوازی هەیەو ئەو بنکانە لەبیابانی کراوە دانو لەژێر هەڕەشەی گورزی ئاسمانیدان.

هێزی ئێستایان لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کەدەستیان بەسەر هەندێ شاری وەك موسلو تکریتو تەلەعفەرو قائیمو هەندێ شاری تردا گرتووە. ئێمە لەئاسمانەوە دەست بەسەر شارەکاندا ناگرین. ئەسەد وا دەکا. شاری وەك حەلەب بۆردومان دەکاو هەزارانو هەزاران دەکوژێ. تائێستا ٢٠٠ هەزار سوری کوژراون. ئێمە ئەمەمان پێ ناکرێ. لەکۆتاییدا ئەوەی کەدەست بەسەر شارەکاندا دەگرێ هێزی زەمینییە. پێویستە لەڕوی سوپاییەوە زۆرتر پشتگیریی کورد بکەینو دەستمان

هەبێ لە سەرلەنوێ دروست کردنەوەی سوپای عیراق. بەڵام چونە ناو شارەکان پێویستی بەهێزی ئەمریکییە. مەرج نیە شەڕە راستەقینەکە بکەوێتە سەر شانی ئەمریکییەکان. بەڵام دەبێ هەندێ هێزی شەڕکەری ئەمریکی لێ بێ بۆ دیاری کردنی ئامانجی گورزە ئاسمانییەکانو دەبی ئەم کارە بەوردی ئەنجام بدرێ. بەدڵنیاییەوە پێویستمان بەهێزی زەمینی دەبێ. دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ کەئەو هێزانە ئەگەر تەقەیان لێ کرا، بەرگری لەخۆیان دەکەنو بەهەمان شێوە وەڵام دەدەنەوە. ئەو هێزانە لەشەڕ هەڵنابوێردرێن. گفتوگۆ سەبارەت بەهێزە شەڕکەرەکان، لایەنی کەم لەمیدیاکانی ئەمریکادا، دوراییەکی تیۆریکیی هەیە. بەڵام ئێمە هەر دەبێ هێزی زەمینی بخەینە گەڕ. جەنرال دیمبسی زۆر بەڕونی ئەمەی وتووەو من لەو بڕوایە دام کەسەرۆکی ئەمریکا هەڵەی کرد کاتێك ئەم ئەگەرەی وەلاوە نا. سەرۆك بەدەستی خۆی دەستی خۆی کەلەپچە دەکاو بەدوژمنی نیشان دەدا کەئەو دودڵە.

*لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکی ئەمریکا وتویەتی کەئەم سەردەمە سەردەمی ئەمریکایە. ئەگەر سەرۆك ئەوەندە دودڵ بێ، چۆن باوەڕ بەمە بکەین؟

-ئەمە گرفتە. دەمەوێ شتێکی تر دەربارەی داعش بڵێم. خاڵە لاوازە بنەڕەتییەکەی داعش ئایدیۆلۆژیاکەیەتی. هەڵسوکەوتی داعش لەعیراق تەنانەت ٢٪ی گەلی عیراقیش بەلای خۆیدا راناکێشێ. گەلی عیراق گەلێکی رۆشنبیرە، بەرهەمی شارستانێتییەکە تەمەنی پێنج هەزار ساڵە. عیراق زێدگای حامورابییە کەباوکی یاساکانە. سەربڕین، کوشتنی منداڵ، دەستدرێژی کردنە سەر ژنان، ئەمانە هەموی زۆر گران لەسەر قاعیدە کەوتنو بونە هۆی ئەوەی کە لەساڵانی ٢٠٠٦و ٢٠٠٧دا گەلی عیراق پشتگیریی نەکات.

*دەمەوێ دەربارەی چارەنوسی کەمینەکان لەناوچەکە پرسیارت لێ بکەم. هەموو کەمینەکان نیگەرانن. مەسیحییەکان هەست دەکەن رۆژئاوا بەوەی کەهانیان دەدا کۆچ بکەنو وڵاتیان بەجێ بێڵن یارمەتیی داعش دەدا. ئایا رۆژئاوا دەتوانێ خراپییەکانی داعش بەرامبەر بەکەمینەکان بسڕێتەوە؟

-لێگەڕێ با گوزارشت لەو ناڕەحەتییە بکەم بەهۆی نەهامەتییەکانی کۆنترین گروپی مەسیحی لەناوچەکەدا، واتە مەسحییەکانی عیراق، کەسەرەتا بۆ باکور دەرکرانو پاشان بۆ دەرەوەی ولات. وەنەبێ ئەمە بەسەر مەسیحییەکانی عیراقدا هاتبێ بەڵکو مەسیحییەکانی لوبنانیش هەست بەمە دەکەن. لەواشنتن لەسەر خوانی نانخواردندا بوم لەگەڵ پاتریارکی مارۆنی بەشارە بوترس راعی.

ناوبراو پێی وتم کەنیگەرانە لەڕەوشی مەسیحییەکانی رۆژهەڵاتو لوبنانیش. هەروەها رەوشی ئێزیدییەکانو تورکمانو چەندەها کەمینەی تریش مایەی نیگەرانییە. هەرگیز ئامانجی حکومەتی بۆشو حکومەتی ئۆباما ئەوە نەبوە کەمەسیحییەکانو کەمینەکان لەولاتەکانیان دور بخرێنەوە، وەك پرسیارەکەت لابەلا ئاماژەی پێ دەکا.

*بەڵام رۆژئاوا کەمینەکان هاندەدا برۆنو ئەمە وەك ئەوە وایە یارمەتیی داعش بدەن. دەوڵەتەکانی تر لەجیاتی ئەوەی هانیان بدەن بمێننەوە، باوەشیان بۆ دەکەنەوە.

-بەڵام لەلایەکی ترەوە، دەبێ ئێمە بەپیر نیگەرانیی خێزانە مەسیحییەکانی عیراقو سوریاوە بچین. هاندانیان بۆ مانەوە شتێکی جوانە بەڵام ئەگەر دەستدرێژی بکرێتە سەریانو بکوژرێنو لەخاچ بدرێن، دەبێ بەدوای ئەلتەرناتیڤدا بگەڕێین. تاکە چارەسەر گەڕانەوەی هەندێ ئارامیو سەقامگیرییە بۆ ناوچەکە تاکو ئەوەی لەکەمینەکان ماونەتەوە بتوانن لەوێ بژین. ئەمە تراژیدییایەکی مێژوییە.

*بەشتێکی سەیری نازانیت کەتورکیای ئەندامی ناتۆ لەساڵی ۲۰۰۳ رێی بەهێزەکانی ئەمریکا نەدا لەخاکەکەی سودمەند بنو ئەمرۆ هەمان هەڵوێست دوبارە دەکاتەوە؟ چۆن ئەم مەسەلەیە لێك دەدەیتەوە، بەتایبەتی کەراپۆرتە رۆژنامەگەرییەکان دەڵێن تورکیا ئەمڕۆ بۆتە ناوەندێك بۆ رێکخستنی شەڕڤانەکانی داعش؟ سەبارەت بەتورکیای ئەندامی ناتۆ قسەمان بۆ بکە.

-من پسپۆڕی کاروباری تورکیا نیم بەڵام لەو روانگەیەوە کەساڵانێکی دورو درێژی تەمەنی پیشەییم لەناتۆ بەسەر بردووە، هەڵوێستی تورکیا توشی شوکی

کردوم. دەوڵەتێکی ئەندامی ناتۆ لەماوەی زیاتر لەیەك دەیە دوو جار تەگەرەی لەبەردەمماندا قوت کردۆتەوەو ئەو بڕیارانەی لێ تێکداوین کەپێمان وایە لەبەرژەوەندیی تورکیا دانو مایەی دروست کردنی سەقامگیرین لەناوچەکەدا. ئەمە شتێکی هیوابڕە. تەنها بەوە لێکی دەدەمەوە کەئەمە ڕەنگدانەوەی سیاسەتی سەرۆك ڕەجەب تەیب ئەرۆغانە. من دڵنیام حکومەتی ئەمریکا گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانەو هێمنانەی لەگەڵ تورکەکاندا دەست پێکردووە. ئەمە مەسەلەیەکی مایەی بایەخ پێدانە چونکە تورکیا کەهێزێکی گەورەیە ڕۆڵێکی مێژویی لەناوچەکەدا هەیەو ئەندامی پەیمانی ناتۆشە. ئەم هەڵوێستەی تورکیام پێ شرۆڤە ناکرێو بەدڵنیاییشەوە پاکانەی بۆ ناکەم. ئەم مەسەلەیە ئومێدبڕمان دەکا، ڕێك وەك ئەوەی لەساڵی ٢٠٠٣دا کردیان، کاتێك نەیانهێشت تیپی چوارەمی هێزی پیادەی ئەمریکا لەتورکیاوە بجوڵێ.

بەهەر حاڵ، مەسەلەی بەشداری نەکردنی تیپی چوارەمی پیادە، پاش جەنگ ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەوشی ئاسایشی عیراق هەبوو چونکە وا دانرابوو ئەم تیپە لەسنوری تورکیاوە داکشێو بەرەو موسڵو بچێو لەوێ ڕوبەڕوی دوو تیپی گەورەی گاردی کۆمار دەبۆوە. دواتر، ئەم دوو تیپە بونە بەشتێکی یاخیبونەکە.

*پاش تێکشکاندنی داعش دەبێ چی بکرێ؟ ئایا ئامادەکاری بۆ پلانێکی سیاسیی ستراتیجی بۆ سەرلەنوێ بوژاندنەوەی عیراق هەیە؟

-هیچ پلانێك نیە. بەڵام من ئەوەت پێ دەڵێم کەدەبێ هەبێ. گێروگرفتێکی گەورەتر دێتە پێش. ئەوەی کەئێستا دەیبینین هەرەس هێنانی هەیکەلی سیاسیی ناوچەکەیە کەمێژوی دەگەڕێتەوە بۆ جەنگی یەکەمی جیهان، نەك هەر هەرەس هێنانی ڕێککەوتننامەی سایکس- پیکۆ کەکاریگەریی لەسەر لوبنانو سوریاو عیراق هەیە. ئەمە هەرەس هێنانی بونیادێکی سیاسییە کەتەمەنی سەد ساڵە.

لەکۆتاییدا، کاتێك هەندێ سەقامگیری لەعیراقو سوریا دێتە دی، دەبێ کۆنفرەنسێکی ناوچەیی ببەسترێ کەبڕیار لەسەر بەرژەوەندیی هەموو لایەنەکان بداو بڕیاریش لەسەر چۆنێتیی یەکخستنەوەی ناوچەکە بۆ ماوەی سەد ساڵی تر بدات. ئایا ئێرانییەکان چ ڕۆڵێکی گونجاویان بۆ دیاری دەکرێ؟ چۆن

هاوسەنگیی هێز لەنێوان عەلەوییەکان‌و سوننەکانی سوریاو گروپەکانی تری وەك دروزو مەسیحییەکان دێتە دی؟ دەبێ پێداچونەوە بەهەموو شتێك بکرێ. ئەمەش چەند ساڵێکی دەوێ‌و پێویستی بەجموجوڵێك هەیە بەرەو سەقامگیری‌و بەرچاو رونی. من بەرچاوڕونیم نیە بەڵام دەتوانم باسی ئەو شتانە بکەم کەدەبێ ئەنجام بدرێن. دەبێ هەندێ لەدەوڵەتەکان تەماشای هەموو ناوچەکە بکەن‌و بۆچونێکیان هەبێ کە بەرژەوەندیی هەموو دەوڵەتە پەیوەندارەکان لەبەرچاو بگرێ، واتە دەوڵەتە عەرەبییەکانی کەنداو، ئوردون، عیراق، سوریاو لوبنان. ئەمە ئەو شتەیە کە دەبێ بێتە دی بەڵام ئەمە پێویستی بەچەند ساڵێکە.

تێبینی: بۆ دەقی چاوپێکەتنەکە بڕوانە ژمارەی رۆژی ٢٠/ ٩/ ٢٠١٤ی رۆژنامەی عەرەبی زوبانی ئەلشەرق ئەلئەوسەت.

وەرگێڕانی: مەحمود داوودی